(زیکری: (سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ، ربُّ الملائكةِ والرُّوح

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی ڕکوع وسوجدە بردنیدا دەیفەرموو: «(سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ، ربُّ الملائكةِ والرُّوح)*» *(واتە: سُبُّوحٌ: لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە بە مانای ئەوە دێت: ئەو زاتەیە کە دووڕە لە هەموو کەموکورتی وعەیبێک وهەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان وزەویدان بە تەسبیح کردن یادی دەکەن، قُدُّوسٌ: لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە، بە مانای ئەوە دێت: ئەو زاتەیە کە پیرۆز وموبارەکە وپاکە وبەریئە -دووڕە- لە هەموو شتێک کە شایەنی ئەو زاتە بەرز وبڵندە نەبێت، -ربُّ الملائكةِ والرُّوح-: واتە پەروەردگاری فریشتەکان و-الرُّوح- مەبەست جبریلە -علیە السلام)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی ڕکوع وسوجدە بردنیدا دەیفەرموو: (سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ، ربُّ الملائكةِ والرُّوح)، واتا: تۆی ئەی پەروەردگار پاک وپیرۆزیت، ئەمیش ئەوپەڕی ستایشکردنە بەوەی خوای گەورە دووڕە لە هەموو کەموکورتی وعەیبێک، (ربُّ الملائكةِ:واتە پەروەردگاری فریشتەکان): ئەمانیش سەربازی خودان وئێمە نایان بینین لە دونیادا. (الرُّوح: مەبەست جبریلە -علیە السلام-): باشترینی فریشتەکانە، بۆیە پێویستە مرۆڤ لە کاتی ڕکوع وسوجدە بردنیدا زۆر ئەم زیکرە بخوێنێت: (سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ، ربُّ الملائكةِ والرُّوح). سُبُّوحٌ: لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورەیە، بە مانای ئەوە دێت: ئەو زاتەیە بەرز وشکۆدارە ودووڕە لە هەموو کەموکورتی وعەیبێک وهەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان وزەویدان بە تەسبیح کردن یادی دەکەن. قُدُّوسٌ: لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورەیە، بە مانای ئەوە دێت: ئەو زاتەیە کە پیرۆز وموبارەکە وپاکە وبەریئە -دووڕە- لە هەموو شتێک کە شایەنی ئەو زاتە بەرز وبڵندە نەبێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6015